


# پێکەنین
بەتامی
# گریان

له چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری لاوان

و


بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی



شيعر
٢٠٢٠

# پێکەنین بەتامی گریان

نەسرین تەنیا



ناوی کتێب: پێکەنین بەتامی گریان
نووسینی: نەسرین حسێن ساڵح (نەسرین تەنیا)
بابەت: شیعر
پێداچوونەوەو هەڵەچنی: بەختیار عەلی حەمە ڕەزا
دیزاین: سکای دیزاین
چاپ: چاپخانەی کوردستان سنە
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٤٠٠٠ دینار
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم - ٢٠٢٠

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٨٥٤) ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە

به کچ و کوڕی ئازیزم میدیانا و کارۆ
بەنرخترین سەرمایەی ژیانم
پێشکەشە





## لێدوانێک لە بری پێشەکی :

ئەگەر چی تاکو ئێستا پێشەکیم بۆ دەیان دیوانە شیعری جۆر بەجۆر نووسیوە بەڵام نایشارمەوە زۆرم پێناخۆشە یەکێک پێم بڵێ پێشەکی بۆ شیعرەکانم بنووسە:

ئێستا ئێوە دەڵێن بۆ...؟

منیش دەڵێم پێشەکی نووسین بۆ هەر دیوانە شیعر و هەر کتێبێک بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە دەربارەی قەڵەمڕەوی نووسین.

لەبەرئەوە ئەگەر (خوانەخواستە) وەکوو فڵان و فیسار پارەدار بوومایە.. هەرکەسێک داوای نووسینی پێشەکی لێ بکردمایە پێم دەگوت بڕۆ کەسێک بدۆزەرەوە بە پارە پێشەکیەکت بۆ بنووسێت و من ئەو بڕە پارەیەی دەدەمێ کە دەیەوێت.


ئەمەیش بۆ ئەوەی خۆم لە بەرپرسیارێتی وشە دوور بخەمەوە.

لە بیرمە جارێکیان پێشەکیەم بۆ کۆمەڵە هۆنراوەی لاوێک نووسی، چونکە شیعرەکان تا ڕادەیەکی باش جوان بوون.. نەختێ پەسەندم کردن و پیرۆزباییم لە لاوەکە کرد کە شیعر گەلێکی جوانی نووسیوە ... کەچی دوای چاپکردنی کۆمەڵە هۆنراوەکە چەند برادەرێکی شاعیرە لاوەکە پێیانگوتم ئەو شیعرانە ئەوە ناهێنن ئەوەندە پەسەند بکرێن ...
ئەو قسانە بەنجیان کردم و خەریک بوو لە سەنگی مەحەکی هەڵسەنگاندنی شیعریم ڕاڕایـی و دوو دڵـی بمگرێت و دووبـارە کۆمەڵە هـۆنـراوەکـەم خوێندەوەو زۆر دڵنیا بووم لەوەی کە شیعرەکان جوانن و بە هەڵەدا نەچووم و لە خۆڕا بە جوان ناودێرم نەکردوون و پێداگریم لە سەر بیروڕاکانی خۆم کرد..
ئیتر پێشەکی نووسین لەم جۆرە گیروگرفتانەشی هەیە..
زۆر لـە سـەری نـاڕۆم و دەڵـێـم خـاتـوو نەسرین تەنیا کۆمەڵە شیعرێکی خستە بەردەستم و داوای پیێشەکی نووسینی لێکردم بە وردی خوێندمەوەو دامن لە سەنگی محەکی چەژی شیعری خۆم و دە

دوازدە شیعرێکیانم بە دڵ نەبوون و جیام کردنەوە، شیعرەکانی دیکەی کۆمەڵە شیعرێکی تایپ کراو بـوون کـە ئـەم شیعرانەن لـە بـەردەستی ئێوەی خوێنەردایەو زۆر زۆرم بە دڵـەو مژدانەی ئەوە دەدەن کە خاتوو نەسرین تەنیا خاوەنی بەرهەمێکی شیعری دەوڵەمەندەو توانیویەتی ژێی شیعری جوان و ڕاستەقینە بدۆزێتەوەو ڕووبـاری شیعری خۆی بئەفرێنێ...
ئـەوەی خـاتـوو نـەسـریـن تەنیا لـەم دیـوانـەی دا بەرجەستەی کـردووە ئەزموونێکی نوێیەو ئەوە دەسەلـمێنێت نەسرین تەنیا گەر کۆڵ نەدات و بەم گڕو تین و تاو و عەشقەوە ئاوێزانی شیعر بێت دەگاتە لوتکەی پێویست..
ناشی شـارمـەوەو دەڵـێم بـەم شیعرانە نەسرین تەنیا چوەتە ڕیزی پێشەوەی شاعیرە ژنەکانی ئەم سەردەمەی شیعری کوردی.

پیرۆزبایبت لێ دەکەم...

لەتیف هەڵمەت



وەک جوانی مانگ دەنەخشێنم هەموو شەو
بسکی خاو و ڕەنگی لێوم لە پێش خەو
بە ئاواتی ویساڵی یار لە خەودا
یا جێژوانێ لە مەستی نیوە شەودا.

٢٠١٩/١١/٩


پێکەنین
بەتامی
گریان

## باڵای من...

دایکم لە ئینجانەی پەروەردەمدا
تۆوی شەرەفی چاند
بۆ پاراستنم لە جەنگەڵی
گورگەکان

باوکم دەمارەکانمی لەگەڵ
پیاوەتی خۆی موتوربە کرد
بۆ بەرز ڕاگرتنی ژنێتیم .

٢٠١٨/٧/٢١

تۆو: توو

## کۆمەڵە هایکۆ...

گەورەترین تاوانی مرۆڤ
بۆ پێشکەوتنەکانی
کوشتنی کاتە.
***

چاویان لە ئاستی هەژاران کوێر
گوێیان لە قۆڕەی سکیان کەڕ
حاکمانی سەرخۆش.
***

لاشەی ڕۆڵەکانی نیشتمان
پلەی سەرکەوتنە بۆ
خاوەن پۆستەکان.
***

بۆ حەشاردانی ڕاستیەکان
سەنگەرێک بە خشتی درۆ ساز دەکەن
مرۆڤە ترسنۆکەکان.
***
بەرزترین و بەنرخترین بوونەوەری سەرزەویە
ئەگەر نرخی خۆی بزانێت
ژن.
***

لە ناو قەرەباڵغی چاوەکاندا
گەورەترین ئازار بۆ مرۆڤ
تەنیایی ڕۆحە.
***
گۆڕستانێکە لە ئاواتە
نەڕسکاوەکانی تفت و تاڵ
دڵ.

٢٠١٩/١/٢٩

نوتی چرکە ساتەکانی کاتژمێر
ڕازەکانی بێ خەویە
لە گۆڕی وەنەوزی عەشقاندا
***

ئاوازی دڵداری،
لە گوڵە ڕەنگاڵەکانی تابلۆ فەرشەکە دەچڕێ
کچە فەرش چنەکە.
***
پریاسکەیەک ماچ دەریایەک حەز
تەمەنێک چاوەڕوانی زیندانی ڕۆحی
کچە بێ بەختەکانە.
***

درۆزن نیە، نە سیمات دەژاکێنێ
نە مامەڵەی بێ ڕەوشتی
ئاوێنە.
***

ئازار دەچێژێ، هەستەکانی پێشێل دەکات
بۆ ساتێک خەندەی لێوەکانی تۆ
دایک.
***

حەزەکانی لە ژنێکی عاشقدا بەتاڵ دەکاتەوەو
دەیخاتە زبڵدانی مێشکیەوە
پیاوە لەشفرۆشەکە.
***

کە هەست بە دڵە کوتێی عاشق دەکات
توند توند لە گەردنی دەئاڵێ
پەتی سێدارە.
***

لە خوماری ماچێکی مەعشوقدا،
ئاگای لە سووتان و بۆ کڕوزی باڵەکانی خۆی نیە
پەپوولە.
***

بۆن بە ستیانی هەڵ واسراوی
سەر تەنافی ژنە شاعیرەکە دەکات
کەناری.

***

شەو لەگەڵ ڕووت بوونەوەی ژنەکان
شەرم لە ڕەنگی خۆی دەکات
تاریکی.

***

تەختە هەورێکی سپی کردوەتە کەژاوە
بۆ حەسانەوە باڵەکانی
خەیاڵ.

***

٢٠١٨/٩/٥

شەو لە ژووری تەنیایدا بێ پرس
ماچی سەر کوڵمی ژنە بێ نازەکان دەکات
فرمێسک.
❊❊❊

تابلۆ فەرشێکی ڕەنگاڵەی
کردە خەڵاتی پاییز
گەڵا.
❊❊❊

مانگ دەکاتە خەو،
خۆبەخشانە وزە بە گیانداران ئەبەخشێ
خۆر.
❊❊❊

لە ڕقی ناڵەی هەور، شیوەنی باران،
توڕەیی دەریا، جوانکاری بۆ بەردەکان دەکات
شەپۆل.
***

مێشکی لای دوژمنە
دڵی لای ژن و مناڵە گیرفان بەتاڵەکەی
پێشمەرگە.
***

ڕۆحی لەگەڵ قەڵەم پەیمانی هەمیشەیی بەستووە
بۆ گوێ گرتن لە ئازارەکانی
شاعیر.
❊❊❊

کاتێ بە ڕووبانی ڕەش دەیڕازێنەوە
سەری کڕنوش دادەخات و بە بێدەنگی دەگری
گوڵ.
❊❊❊

شێتانە سەما لەگەڵ پرچی
کچە قژ ڕەشەکە دەکات
ڕەشەبا.
❊❊❊

ڕووبان: قردێلە.

نامەیەکی عاشقانە دەنووسێ، دەیبەستێ
بە قاچی کۆختی بەر پەنجەرەکە
زیندانی.
***

خانوە گڵەکان دەکاتە باخ و ڤێلا
بۆ خاوەن کۆشکەکان
لافاو.
***

لە پشت پەنجەرەی ژووری نووستنەوە
چاوشارکێ لەگەڵ تەنیایی دەکات
مانگ.
***

٢٠١٨/٧/٣٠

بە کراسی بووکێنێیەوە سەما دەکات
هەور.
❊❊❊

ئاهەنگی خۆشەویستی دەژەنێ
باران.
❊❊❊

دووگیان دەبێ لە گرمەی هەورێک
خاک.
❊❊❊

تاڵ تاڵ کەزی خۆری
بە ئاسمانەوە گرێ دا
پەلکە زێڕینە.

❋❋❋

شیرینترین چرکە ساتەکانی ژیانن
دەبنە تاڵترین و بەئازارترین یادەوەرییەکان
وێنەکان.

❋❋❋

# نەریت ...

هەڵبژاردن قەدەغەیە
بۆ گەیشتن بە ئامێزی خۆشەویستی
لای کەنیشکە شەرمنەکانی نەریت
***
هەستەکانیان زیندە بەچاڵ دەکەن
حۆریەکانی سەر زەوی
***
خونچەی لێوەکانیان
پێش پشکوتن هەڵدەوەرێ
کچانی پاکیزە
***
ئاواتەکانیان دەدرێتە
دەستی قەدەر
ژنانی چاوەڕوان
***

کەلتور پاسەوان و
نەریت حاکمە بۆ داکۆکی
لە ژنانی کۆیلە
***

پرچی ڕەشماریان
تەنافی سێدارەیە بۆ هەڵواسینی
ژنانی ئازاد .

٢٠١٩/٦/٢٥

# تەنیایی ...

لە ناو جەستەی بەستەڵەکیدا
بیر لە ژووانێکی شاعیرانە دەکاتەوە
تەنیایی
***

شیرین تر لە هەنگوینە
تاڵ تر لە کەکرە
تامی تەنیایی
***

بەحرێکە لە زانست
کێوێکە لە ئاوات
چرکە ساتەکانی تەنیایی
***

قوڵترین ئیلهامی شاعیرانە
پڕ ئازارترین یادەوەرییەکان
شەوانی تەنیایی
***

ئاواتی برسیەکانی شەهوەتە
مەستی چرۆی لێوەکان
ڕۆژانی تەنیایی

٢٠١٨/٤/١٦

## باخچەی عەشق ...

ئەسیری عەشقی شۆڕێکم لە خوێنمدا دێتو دەڕوا
لە مەستی عەشقی بێ بادە بە گیان و دڵ دەکەم بڕوا

بە بێ ئاگا، لە حاڵی من، لە پڕ هاتە، خەیاڵی من
لەگەڵ ڕۆحم کە تێکەڵ بوو بە ژینی ڕەنگ زوغاڵی من

چ سیحرێک بوو لە چاوانی کە تێم ئاڵا لە چەشنی مار
دڵ و هەستی وروژاندم بە بێ ئیزنی منی ئەغیار

بە جۆرێ وا مەستی کردم دەمی لاوی بە با بردم
کە ئەو ساتە بە سەرخۆشی دڵی کۆرپەی پویر کردم

هەتا ئێستەش منی بێ دڵ لە دووری ئەو پەرێشانم
وەکوو باران لە بەهاردا لە گرمەی هەور بە گریانم

دەڵێم بەڵکوو لەگەڵ دڵما سەدای شیعرێ بلاوێنێ
لە باخی دڵ، گوڵی عەشقی بەهاری شادی بڕوێنێ

٢٠١٩/٤/١٦

دەمی: کاتی
پویر: تالان

## پەیامی مەعشوق....

که پێم دەڵێن لە ڕابردوو مەنووسە
لە عەشقی کۆن، دڵی مردوو مەنووسە
خەیاڵ دەڕوا بەبێ ئیزن و وەڵامێک
دەهێنێ بۆم لە مەعشوقم پەیامێک
دەڵێ تۆرا لە دوای تۆ ماچی لێوێک
بکا مەستی لە باخی سینە سێوێک
دەنەخشێنێ خەیاڵ و یادی جاران
دەڕێژێنێ وشە وەک تاوی باران
دەکات وێنا، سەمای شیعر و، دڵاری
شەوانی بێ مەراقیی و تاسەباری
دەبێ تێکەڵ بەیان و سازی ئاواز
دەهاوێ بۆی نیگای چاو و مووژەی ناز

بەسەر مەستی وەکوو عەشقی مناڵی
چرۆی لێوم بە خەندەی لێوی ئاڵی
بتوانم چۆن لە یادی کەم دەسا دەی
کە من مەستم بە جامێ عەشق و بادەی.

٢٠١٩/٢/٥

## گۆشە نیگا...

ئەمەوێ بە دڵ خۆشت بوێم
ئەمەوێ بەعیشقەوە
لە ئامێزم بگری
ئەمەوێ
لە بۆنی باخی جەستەم
مەست مەست
هەستەکانت ئاوێتەی هەستەکانم
سەما بکەن
ئەمەوێ شادەمارت
لەگەڵ شادەمارم مۆتوربە کەی
بە خواستی دڵ ماچم بکەی
بە خونچەی لێو نازم بدەی

ئەمەوێ
سەمفۆنیای هەناسەت
لەگەڵ تیک تاکی کاتژمێرەکەی مەچەکت
لاشەی بەختم بلاوێنێ
گۆشە نیگاو
تاڵ بە تاڵی قژی خاوت
داوی عیشقم بۆ دابنێ
تا هێلانەی،
قەلە ڕەشەکەی ناو دڵم
بڕۆخێنێ و
لە ناو مردن دەرمبێنێ.

٢٠١٩/٧/٢٤

## سەفەری خەو ...

دوونیا کپ و مات چرا خامۆشە
چاوگەلم قەتیس حاڵم پەرۆشە
ئەستێرە میوان تاریکی شەوە
سرتەو جریوەی لایلایەی خەوە
نیگار و نازی پڕ لە ڕەمز و ڕاز
شەمەندەفەری خەیاڵ دەکا ساز
هاوسەفەر ڕۆح و دڵی بیمارم
ناکامی ئەشق و ژینی خومارم
ڕێبواری ماندووی کەویری بێ ئاو
هەمووی سەرابە و دەسووتێ هەناو
چرکەی کاتژمێر هاوڕێی شەوانم
خەو لە سەفەرە وەپەی دەرمانم
بەستویە پەیمان لەگەڵ بای شەماڵ
بڕواتە حزوور یاری خۆش خەیاڵ

بزڕێنێ خەوی، بیکات ئاگادار
لە شەونخوونی دڵی پڕ ئازار
بەڵکو بۆم بێنێ باوەشی گەرمی
مژینی شیلەی لێوی پڕ شەرمی
تێر تێر بڕوانم لە چاوی مەستی
سەرخۆشم بکا لە بۆن و هەستی
سەردانێم لە سەر سینەی چیمەنی
یاری نێو پەنجان جوانی دیمەنی
یەک بلاوێنین بە شیعر و ئاواز
ئەو بە ئەشق بازی، من بە مەکر و ناز
لە یەک بئاڵێین وەک جووتێ ڕەشمار
دوور لە کردەوەی ژینی پڕ قومار
ئیحساس و شادی و گەنجی میوانە
حەسرەت و ئاهوو ڕازی شەوانە
هەمووی دەبێتە بێ خەوی و خەیاڵ
خەزانی جوانی و بزەی لێوی ئاڵ .

٢٠١٨/٣/١٢

## خۆزگە...

خۆزگە ئەمن نان بوومایە
شیرین شەهدو شان بوومایە
لەسەر سفرەی گشت هەژاران
وزە بەخشی گیان بوومایە.

یا ئازاد بووم وەکوو مەلێک
لەسەر شنەی سووره گوڵێک
دوور لە خەم و ئازاری دل
دەمچریکاند لەسەر چڵێک .

یا کە ببمە لانەی ئەوین
لە بەحرێکی بێ بنی شین
گەردانەیەک لە مرواری
بهۆنمەوە بۆ ملی زین .

یا وەک گەرمی تیشکی هەتاو
وزە بدەم بە زەوی و ئاو
دڵی شەختە بتوێنمەوەو
ڕووناکی بم بۆ پیر و لاو .

با بفرم وەک باڵندە
مرۆڤ بوونم کۆت و بەندە
کێڵگەی خەمی کوردستانم
سەرمەست بکەم لە تووی خەندە.

با گوڵێک بم لە ئینجانە
یا باخچەیەک لە ڕێحانە
لە بۆنی بۆن، هەموو سەرخۆش
دوور لە پێک و لە مەیخانە .

با دارێک بم لە ناو داران
سەمای پرچم لەگەڵ باران
گەڵام چەتری خۆشەویستی
جێژوانێک بێ بۆ دڵداران .

دڵم دەڵێ، تۆ بە سۆزبە
لە جوانیدا، باخی ڕۆزبە
لە گەڵ شنەی، خۆزگەکانت
تێکەڵ ڕۆحی، گەل و هۆزبە .

٢٠١٩/٤/١٠

توو: تۆو
ڕۆز: گوڵەباخ
شان: شانە هەنگوین

# فڕین ooo

گەر شەوقی من وەکوو مانگ بێت
کە شەیدای بڕۆ و برژانگ بێت
دابەش دەکەم شەوق و جوانیم
پێشکەش بە یار میهرەبانیم .

یا خود ببمە شەپۆلی ئاو
دژ بە ئیجە و دڵی سووتاو
بە یەک چرکە لە گەڵ دەریا
ڕابماڵین خەمی دونیا .

خەیاڵ دەڵێ ببمە هەورێک
نەک مرۆڤێ چەشنی تەورێک
بە فرمێسکم شادی بێنم
کەوانی نوور بڕەنگێنم .

پێنوس دەڵێ تۆ ئازادی
مەلی ڕۆحت پڕ لەشادی
چاوت داخە و لەگەڵ خەیاڵ
فڕەندە بە، بە جوتێ باڵ .

٢٠١٩/٤/١١

کەوانی نوور: پەلکەزێڕینە

# ئەگەرهاتی ٥٥٥

گەر هاتی و بوویتە میوانی
دڵ و هێلانەی تەنیاییم..!

باوەشێ گوڵ و ڕێحانە دەچنم
لە سەر ڕێگات و
بە فرمێسکی شادی
خاکی بەر پێت ئاوپڕژێن دەکەم

ژوورێکی پڕ پڕ لە ئەستێرە و
کراسی سووری شیعر
لەبەر دەکەم ...

کەزیم لە گوڵی نێرگز دەگرم و
ملوانکەی مێخەک لە مل دەکەم ...

هەزاران وشەی نەوتراوی
سفرەی دڵمت بۆ ڕا دەخەم

بە دەستم پێکێ شەرابی پیروو
چاوەکانم مەستی نیگات ...

لێوی بارگرتووم ڕامۆسانی لێوەکانت و
ترپەی دڵم
ئاهەنگی خۆشەویستی ساز دەکات.

٢٠١٨/١/١٦

کەزی : پرچ - قژ

# وڵاتی خەم

دوا دیداری ڕۆژهەڵاتم
ئازار و ژان بوو خەڵاتم
شاری دەرد و، وڵاتی خەم
کوچە و بازاڕ، شەقام ماتەم
ساردیی مرۆڤ، ژیان ئەستەم
گیرفان بەتاڵ،حاکم بێ خەم
شێر پەنجەی دڵ، بە بێ مەرهەم
خەزانی عەشق، گریانی شەم
زوخاوی دڵ، شەرابی سەم
بۆکڕوزی هەناو هەر دەم
شکۆی ژنان ، شکا بە جەم
گەنجان پیرو پیران بێ ژەم

لورەی گورگە و جەستەی ئادەم
تەمتۆمانی تاماری تەم
ئاسەواری زوڵمە و ستەم
جەرگم خۆێنە و نزا دەکەم
دایم هەست بە سزا دەکەم
پڕ بە گەروم هاواردەکەم
کە تۆم هەیە و کە منت هەم
بۆ بێکەسی وڵاتەکەم .

٢٠١٨/١/١٥

سەم : سام ، ژەهر

# خەوێکی ڕووت ...

لەخەوێکی خۆش ناسک و پڕ هەست
لە پاڵ شەپۆلی ئاوازێکی مەست

سەمای کزە باو بۆنی ئەشقی یار
باوەشێن دەکا پرچ و گەڵای دار

ئاڵا بوون لە یەک دوو تەرزی لاو لاو
جوتێ هەناسە و کڵپەی گڕو تاو

بەهەشتی حەزو سازی نەرمە نەی
تامی شیلەی مەم کانیاوێک لە مەی

سرتەی ئەستێرە و تیشکی مانگەشەو
ماچ و دەس بازی یاری کۆشکی خەو

لەگەڵ هێڤار و سارای کازێوە
هات کۆچی خەندەو دووری لە شێوە

نەسیمی مەستی و گزنگی هەتاو
بوون بە میوانی پێڵۆی هەر دوو چاو .

٢٠١٧/٩/١١

هێڤار: ئاوا بوون
سارا: بەرەبەیان

## ڕاوچی٠٠٠٠٠

لە دونیای پەست ئەمن پەستم لەتۆی پەست
بە یادی تۆ چ سەرخۆشم منی مەست

لە پاکی عەشقی خۆم مەعشوقی عەشقم
لە قوڵپەی خوێنی دڵ نووسیومە مەشقم

کە شەو دادێ خەیاڵ جووتی شەماڵە
لە باخی بەژنی تۆ ڕەقسی ویساڵە

خوماری چاوی تۆ داوی ڕەوانە
ئەبەخشێ پێم نیگات شینی شەوانە

لە بۆ ماچێ درا ژینم لە خاچێ
دەبا بڕواو حەزی عومرم بە باچێ .

٢٠١٨/٦/١٧

## ژنێک پڕ لە جوانی ...

ژنێک لە بەهار عەتری گوڵە باخ
ژنێک لە هەور و ئاسکی چیا و شاخ

چەهچەهەی بولبول مەلی خۆش ئاواز
مەستانە دەدوێ و کردار پڕ لە ناز

ناسک خەیاڵ و لێوان لێو لە هەست
دەرون پاکیزە، ڕوخساری مەست مەست

کانیی چاوانی ژنێک لە باران
دەڕژێتە دەریای ڕۆحی دڵداران

## نەسرین تەنیا

لەخت و لار تێکەڵ شنەی شۆڕە بی
دڵێکی هەیە وەک بەفر سپی

زمان نیانیی، پەیڤین چون نەبات
ڕیشەی درەختە و ئاسمانێک سابات

بۆ باوک و برا، مێرد و کوڕ دڵسۆز
ئاوێنەی زەمەن پڕاو پڕ لە سۆز

فیداکاری ئەشق،دایکی نیشتیمان
کۆتری سپی و ئاشتی بۆ ژیان

ئەکتەری بەهێز دراماو ڕۆمان
ئایەتی چاوی دەهاوێ کەوان

ژن خودای جوانی و شەرابی پیرە
پێکێ لە لێوی سەر مەستیی میرە .

٢٠١٨/٣/٤

## ژەهری عەشق ...

ئەمن ساقی و ئەتۆ خوێن خۆری جەرگم
بە پێکێ ژەهری عەشق نۆشیومە مەرگم

چ غەوغایە لە کاسەی سەر سەرینم
لە جەستەی بێ دڵ و سۆز و برینم

وەرە گیان کێش بە میوانی شەوی تار
لە سوچی مەیکەدە بێ یار و دڵدار

بکێشە گیانی ناز بێ ئیزن و بڕیار
نەماوە بایەخی عەشقم لە لای یار

سـەرت دانـێ لـە سـەر سنگی بلـووریم
بـە چـرپـە پێت بڵێم لـە بـێ قسـووریم

هـوەیـــدا کـەم چپـەی دڵ بـە ئـەمانـەت
نـەبـوو لای مـن درۆ و فـێڵ و خیانـەت

وەفـای مـن بـەس جـەفا ژینـم جـەهـەنـەم
دڵـی شـەیدام نـەبـوو ساتێک بـە بێ خـەم

لـە چـاوانـی مـنـا خـونـاو لـە گــۆڕێ ،
بـە مـەعشـوقـم بڵـێ تـک تـک ئـەچـۆڕێ .

٢٠١٨/٧/٢٠

## لوتفی یار ٥٥٥

من شایانی لوتفی یارم گەر لوتفێ بکات بە حاڵم
دڵم فەرشی ڕێگای ئەشقە گەر تێ بگات لە خەیاڵم

بە یەک نیگا مەستی کردم دڵ و هۆش و ئەقڵی بردم
بە ماچی لێوی سیحراویی دوچاری مەیکەدەی کردم

سەراپا بوومە کورەی تین کە دەستی نایە ناو دەستم
نەما توانا لە جەستەمدا بە دیل برا هێز و هەستم

ئاوێتە بوون لە یەک ئاڵان نەغمەی مەل و سەمای بسکم
فڕی بەسەر باخی دڵما مەلی سپی و ڕۆحی کەسکم

چ دڵخۆش بووم ئەو ساتەی وا هەڵم مژی بۆنی ئەوین
بە شەرمەوە نیگای کردم چرۆی دەکرد ئومێدی ژین

لە بێ میهری یاری شیرین سیس و ژاکا گوڵی (نەسرین)
گەر جیهانیش لۆمەم بکات لە بیر ناکەم ئەشقی دێرین

هیوام وایە بەس بۆ یەک جار لە پێش مەرگم ببینم یار
بە ماچی لێوی مەخمووری شەبەق بێنێتە ژینی تار .

٢٠١٨/١١/٩

بسک : قژ
کەسک: سەوز ڕەنگ

## مورغی دڵ ...

کە ڕۆح غەرقی خەیاڵی یارە ئەمشەو
دڵم تەنگ و ئەشق ئەغیارە ئەمشەو

شەماڵ بێنە لە بۆنی عەنبەری یار
بکە سەرخۆش کە مورغی دڵ نەکا زار

بەبێ مەعشوق ژیان بێ ئەشق مەحاڵە
لەگەڵ مەی تێکەڵیی بەس ژەهری تاڵە

هەموو شەو دەیجوور و یەلدایە وەک پار
خەیاڵی باخی گوڵ وەیلانە پەی یار

وەشەن یار بێتەوە ئامێزی گەرمم
کەمێک سەر دانێتە سەر باسکی نەرمم

بەڕۆح ئاوێتە بێت شیعر و قەسیدە
لە نازی چاوگەلم بۆ نووری دیدە.

٢٠١٨/١٢/١٨

# نازی لێو......

چ بێ نـازە دوو لـێوی نـازی پـڕ ڕاز
نـەبـوو لـێـوێ بکـێشـێ نـازی هـاوڕاز

فەلەک دادو فەلەک داد و فەلەک داد
تـەمـەن ڕۆیـی و درا جوانـی وە بـەر باد

دڵا ئـەی دڵ مـەنـاڵـە، بـەسیـە ناڵـە
ئـەوەی خـواوەنـد بە تـۆی دا ژینی تاڵە

نـە پـەنجـەی یـار سـڕی ئەسرینی چاوم
نـە پـرچی بـۆ چنیم یـار زۆڵـفی خـاوم

چ حـوسنێکـە کـە دڵ وەیـلانـە بـۆ تۆ
دەمـێ مـەسـەتـەو دەمـێ دێوانـە بۆ تۆ .

٢٠١٨/١١/٢١

## فێرت کردم ...

دەزانی بە هاتنت بۆ ژیانی تاڵ و
پڕ ئازارم..!

فێرت کردم
نە سەیری چاوی کەس بکەم و
نە باوەڕ بە باوەش و
خۆشەویستی و عەشق

فێرت کردم
بێ بڕوا بم بە قسەی بریقەدار و
دەستی گەرم و سیمای گەش

فێرت کردم
فرسەتی دووبارە بەکەس نەدەم و
شکۆ و غروورم بۆ کەس نەشکێنم

فێرت کردم
ئاگام لە دڵی پاک و
ڕۆحی پەپوولە ئاسام بێت
تاکو خەنجەری دۆست لە پشتەوە
هەڵم نەدڕێ...

٢٠١٧/١٢/٣

## خەیاڵ و یاری بێ هەست ٥٥٥

لە مێژەوە خەیاڵەکانم
لە چاوەڕوانی ڕووخساری تۆدا
خەونەکان دووبارە دەکاتەوەو
خۆشەویستیت ،
خۆی خزاندووەتە دەمارەکانم و
جەستەی پڕ ئیشتیاقم
ڕۆح و دڵم تەلیسمی تۆ و
هەناسەت ئاوێتەی پرچم
لە شەوە زەنگی تەنیای خەیاڵدا
هەتا دەرکەوتنی گزنگی خۆر
مانگ دەکەمە ئاوێنە ،
تاجێک لە ئەستێرە ،

تەختە هەورێکی سپی ،
کراسی بووکێنی،
پەڕی گوڵ ئەستێرە،
ئەڵقەی دەزگیرانی و
سترانی عاشقێکی پڕ پڕ لە ئیحساس
بۆ ویساڵیی یاری
بێ هەستی خەونەکانم.

٢٠١٧/١١/٢٩

گوڵ ئەستێرە: فڕندەیەکە کە بە شەوی هاویندا دەفڕێت و چەشنی شەوقێک دەردەکەوێت.

## سترانی عەشق ٥٥٥

لەو ڕۆژەوە سترانی عەشق لە من تۆراو
خۆشەویستی لە دڵمدا کڵۆم درا
شاکلیلی هەستەکانم بە دەستی تۆ لە گۆڕ نرا
لەو ڕۆژەوە نیگاکانی منت دزیی و
بە بێدەنگی لە خاچت دا
هێڤی ژینم لە سەرابی سیمای تۆ دا وێنا کرا .

٢٠١٧/١٢/١٠

هێڤ: هیوا

## سکاڵا...

چاوگەلم سکاڵا لە دڵم دەکات و
دڵیش لە مێشکم
مێشک لە عەقڵ و
عەقڵ لە هەستم
هەست لە زمان و
زمان لە لێوی بارگرتووم
لێویش
سکاڵا لەو چرکەساتە دەکات
کە تۆی بێوەفای تێدا بینی و
شێتانە
چرۆی بۆ بزەی سیحراویت کرد
غرووورم کڕنۆشی بۆ بردی و

چۆکی پێ دادام...
بە هەستی ئەشقێکی پیرۆزەوە
ماچی لێوە بەتین و
درۆزنەکانی تۆی کرد...
لەکۆتا جێژوان و
بە تاڵان بردنی دڵ و هەستم
لە میراتی ئەشقی نافەرجامی تۆ
بەجێ ما بۆ منی بێ دڵ
دوو چاوی تامار و
جەستەیەکی ئاسنینی ساردی
بێ هەست .

٢٠١٨/٥/١٠

نافەرجام : ناکام

## مەحاڵ ...

بەڕەنگ سوورو بەدڵ غەمگین و بێ شوور
بە لێو خەندەو بە ڕۆح مەهجوور و بێ نوور

بەڕێم کرد ساڵ بە ساڵ بێ یار و دڵدار
لـە دووریـــت پێم درا ئـــازاری دیـدار

لـە بـۆ مـاچ و لـە ڕووخـسـار و خـەیاڵت
هـەمـوو جـەسـتـەم دەنـاڵـێ بـۆ ویساڵت

کــزەی جـەرگـم کـە بـێ ئـاگـای لـە حاڵم
لــە ئـاڵـۆزیـی دەروون و ژیـنـی تاڵم

پـەپوولـەی دۆنـی مـن سـووتا لە بۆ شەم
لەکڵپە و ئاهـی دڵ ژیـنم خـەم و تـەم

کە تۆ ون بووی لە چاوانم بە ڕووخسار
لە ئامێزو لە ئەشق و ئەهد و بڕیار

بە ڕۆژ دڵتەنگ بە شەو ناڵین وگریان
بە ماچی لێوی تۆ دڵ بوو بە بریان

قەڵەم زیز و وشەم شیعری پڕ ئاواز
لەکورەی خەم نرا (تەنیا) بە بێ ناز

بەیادی ڕۆژی ئەشق پۆشیم جلی سوور
لەما بەینی دوو یار هەر دوورییەو دوور

دەزانم ماچی تۆ و ئامێز مەحاڵە
هەموو خەون و خەیاڵ کاسەی بەتاڵە

ئەگەر هاتی بە میوانی دڵی من
ئەبەم کڕنۆش لەدیدارت گوڵی من .
٢٠١٨/٢/٧

مەهجوور : تەنیا کەوتوو – غەریب
دۆن : دۆنایدۆن : تناسخ الارواح

## ژنێک ...

ژنێک، دەرگای ژووری نوستنی کڵۆم داوە..!
دوور لە چاوشارکێی چاوە زەقەکان..!
تەمەنێکە، لە شەوەزەنگی ژوورەکەیدا
میوانداری
خەو
تاریکی
دیوار
بن میچ
پەنجەرە
سەرین
بەتانی

چرپایە و
خەیاڵی چیرۆکە نەبڕاوەکانی
ژنانی خۆر دەکات و
لەگەڵ مانگ و ئەستێرەکان دەدوێ ...
ژنێک حاکمی جەستەی خۆیەتی
لێپرسینەوە، لە
دڵ
هەست
چاو
لێو
زمان
کوڵم
گوێ
دەست
پا و
تاڵە سپیەکانی قژی دەکات و

حوکمی ڕۆبۆت بوونی بەسەرخۆیدا سەپاندوە
بۆ سەلماندنی وەفای لە بەرامبەری مەعشوقدا
لەکتێبخانەی دڵدا
پیاوێکی عاشق
چیرۆکی وەفاو دەرگای کڵۆم دراو دەنووسێتەوە
ئەو پیاوە هاوسەری ژنێکی عاشقە .

٢٠١٩/٣/٢

کڵۆم : قفڵ

## حەزم لە ڕەنگی ڕەشە
## ڕقم لە ڕەنگی شەوە !؟

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

ئێوارەیەو
تاریکی بە عەبایەکی ڕەش
ڕووناکی ڕۆژ دادەپۆشێ
هەنگاوەکانم ئارام ئارام
بەرەو گۆڕستانێکی خامۆش
بەڕێ دەکەون
شەوقی گڵۆپە ڕەنگاڵەکان و
تریقەو پێکەنینی ماڵی عاشقان
ئازارم ئەدا
سەرم بەرەو ئاسمان هەڵ دەبڕم
چاوەکانم تامار و مەنگی خوێن دەبن
لەبەر خۆمەوە
ئاواتە حەشاردراوەکانی هێلانەی دڵم ،

زمزمەی خونچەی لێوەکانم دەکەم و
دڵم کڵۆم دەبێ
تەنیایی و، چۆڵی کۆڵانەکان
یادەوەریەکانم زیندوو دەکەنەوە
لە سەهۆڵبەندانی زستان و هەڵخلیسکان و
گلارە ئەشکی شەختەی سەر کوڵمم
تاکوو گەرماو ئارەقی ماندوویەتی تیشکی هاوین و
گەمارۆی ڕەشەبای پایزیی و
یاریکردنی بە پرچی ئاڵۆزم.
تەرەقەو ئاهەنگی شەوی نەورۆز و
لافاوی فرمێسکەکانم لەگەڵ بارانی بەهاری و
شکاندنی ژن بوون و شکۆم بەبێ تاوان
دەمترسێنێ.
ترسی پەلاماری گورگە برسیەکان
پلان و زمان لووسی ڕێویە فێڵبازەکان
پاراستنی شەرەف و
توانای زیندە بە چاڵکردنی هەستەکانم
لە گەڵم سەوز بوون و
بە بەرزی چنار باڵایان کرد

چارەنووس
هەوڵدان
باشی
خراپی
جوانی
ناحەزی
گەنجی
پیری
زانست
نەزانی
دەوڵەمەندی
هەژاری
وشەگەلێکن کە من لەگەڵیان دەدوێم و
دەپرسم...
کامتان لە ژیانی مندا هەڵتوتان و
بە چ نەریتێک...
ئەستێرەی بەختمتان دیلی کەلتوور و
نەزانی کۆمەڵگا کرد ؟
جیاوازییەکان جەرگ بڕن

دەتبەنە لوتکەی بێ باوەڕی بە باش بوون
لە بەرامبەری مرۆڤایەتیدا
دەتخەنە بەحری سوێری ژیان
لە ژوورێکی بێدەنگی پڕ لە پرسیار
ئاوێتەی هەزاران ڕۆمان و چیرۆک و
وشەی شیعریت دەکەن
شەوانی تەنیای و عەبای ڕەشی بێدەنگی
تاکو بەرە بەیان
میوانی هزرت دەبن و
خەو لە چاوەکانت دەتۆرێنن.

حەزم لە ڕەنگی ڕەشە
ڕقم لە ڕەنگی شەوە.

٢٠١٩/٦/١٨

## گەردەلول ...

کە باسی گەردەلوول دەکرێ
هەموو بە بیستنی دڵگران ئەبن
ترس، ڕۆح و جەستەیان داگیردەکا
ترسی ژاکانی جوانیەکان
ترسی وێرانی
ترسی مردن
ترسی دابڕان و جودایی
خەیاڵێکی قوڵی پڕ لە نائومێدی
بۆ لە ناوچوونی هەستەکان
بەڵام من بیری جوانیەکانی دەکەمەوە
جوانترین بیر

بیری گەیشتن بە بۆنی عەنبەرینی یاری گوڵعوزار
بیری گەیشتن بە باوەشی گەرمی
بیری بیستنی لێدانی ترپەی دڵی
بیری گەرم بوونەوەم بە جەستەی ئاگرینی...

لە مێژەوە ئەم خەیاڵە مێشکی داگیر کردووم
دەڵێم، بەڵکو گەردەلوول ببێتە میوانی ڕۆحی تەنیام و
بە بێ پرس
من لە ئامێزی تار و تاریکی خۆی بگرێت و
بمکاتە هاوسەفەری کورەی زەوی
بمباتەوە بەرەو وڵاتی خۆشەویستی
بە بێ ئاگاو دوور لە خەیاڵ بمهاوێتە،
باوەشی تاقانە یاری تەمەنی لاویم
تێر تێر لە ڕووخساری شیرینی بڕوانم
دەستەکانم لە ملی بئاڵێنم
کوڵمی شەختەی بێ هەستم بە کوڵمییەوە بلکێنم
چاوەکانم داخەم و
بە بێدەنگی، سەر لەسەر شانی، نەرنەرم بگریم
بگریم بۆ، دووریی و دابڕانی دوو ئەوینی دڵ شکاو

بگریم بۆ، پیربوونی سیما و عەشقی خنکێندراو
بگریم بۆ، ساتە لە دەس چوەکانی ڕۆژانی چاوەڕوانی
بگریم بۆ، شەوەزەنگی تەنیایی و خەیاڵە بێ هودەکان
بگریم بۆ، لە گۆڕ نانی چێژ و هەستەکان
بگریم بۆ، لێوی وشک هەڵاتووی بێناز و بزە
بگریم، بگریم
ئەوەندە بگریم، تا دڵە تەنگەکەم
لە بوغز بەتاڵ دەبێتەوەو
بە جووت ببینە هاوسەفەری گەردەلوول
بەرەو نادیار ،
بۆ ژیانێکی دوور لە خەم و دابڕان .

٢٠١٨/٥/٣٠

## تاسە ...

لە تاسەی بۆنت ئەم باخ بۆ ئەو باخ
یاس و نەسرین و هێرۆ و گوڵەباخ

داری ئەکاکیا و شەوبۆ و لالەزار
لە ئاستی وەسفت هەموو شەرمەزار

بە گیان و دڵ و ئەشق و هەناسەت
تێر تێر بۆنم کرد بە یاد و تاسەت

مەستی نەکردم بۆنی هیچ گوڵێک
نە ئاواز و ساز ، نە ترپەی دڵێک

دەستم بە دڕکی گوڵ بوو بریندار
هاوشێوەی وەفای یاری ستەمکار .

٢٠١٧/١١/٢٥

# زیندانی ڕۆح ...

ئەو کاتەی وا ڕۆح و دڵم زیندانی ژینی ئەستەم بوو
هەوری ڕەشی ئاسمانی تار دوژمنی ساتێ خەندەم بوو

چاوەڕوانی دەرکەوتنی تیشکی خۆر و ئازادی بووم
لە دۆزەخی زووحاکی پیر هەر لە دیلی ناشادی بووم

من و قەڵەم هاوڕێی زەمان ئاوێتە بوین لەگەڵ شەماڵ
دەیلاواندین کەژاوەی عەشق لەسەر دەریا و بەحری خەیاڵ

هاوسەفەری پەپوولەی ڕۆح مەنزڵگامان باخی گوڵان
هەستی من و سەمای لاولاو عاشقانە لە یەک ئاڵان

نەرم نەرم بۆنی زریان ڕای دەکێشاین شنەی داران
تێکەڵ دەبوون شیعر و ژووان نەرمە ماچی هەور و باران

بۆ دیداری پاییزی پیر دیاری دەستم چەپکێ وشە
بۆی دەکردم کراسی زەرد نەخش و نیگار گوڵ وەنەوشە

هاوڕێیەتی من و قەڵەم گوزەرێکە لە زەماندا
ئەوەی جوانی جیهان هەیە دەینەخشێنین لە دڵماندا

هیچ نەبوایە بۆ ساتێکیش دوور دەکەوتین لە قرم و قاڵ
لەبێ ڕێزیی و لە گرین و دەرد و ژان و زمانی تاڵ

خۆ لە مێژە من ئازادم لەو زیندان و قوفڵ و دەرە
بەڵام ڕۆحم بریندارە و یاریم نادا و بێ سەمەرە

وەکوو تیرێک لە ناغافڵ بۆم دەهاوێ یادم لە پڕ
باخی پڕ هەڵاڵە و شەوبۆ دەبێ بە دارستانی چڕ

قەڵەم دەڵێ بەسیە ئیتر ئەتۆ بوویتە کەسێکی تر
چاو هەڵبڕەو هەستە لە خەو من و تۆین و بەسێکی تر

بە خەندەو ماچی لێوی ئاڵ بوونیاد بنێ یارێکی تر
چەپکێ وشە بکە دیاری بۆ جوانی بەهارێکی تر .

٢٠١٨/٤/٢٧

## مرۆڤ هیتلەرێک بۆ سرووشت ...

شەرمەزارە
شەرمەزارە شاخ و دۆڵ و تەپۆلکە
لە قەوانە فیشکە ژەنگاویەکان و
خوێنی وشک هەڵاتوی
سەر تاشە بەردەکانی
بست بە بستی کوردستان...
ئاسمان تازیە بارە و
هەور ڕەش پۆشە و
باران خوناو دەڕێژێ

لە بۆنی دوکەڵی هەناسەو
درۆ شاخدارەکانی مرۆڤ
خاک نەزۆکە و گوڵ بێ هەست
ڕیشەی درەخت مەگیرانی بە
خوێنی مرۆڤەوە دەکات
بێدەنگی مەل و عەبای غوماری
چیاکانی وڵاتی خەم
بۆ سیخەی سەر سنگ و
چاوی مۆلەقی پەیکەری زانست و ئازادی
شەپۆل شەپۆل،
شەپۆل شەپۆل تاوان ،
لەسەر زووحاکی دەریا دەنوسێ
بێ خەوی و ناڵە ناڵی
گۆڕی بە کۆمەڵ و
قیژەی گەڵا بریندارەکانی ژێر پێ و
سترانی ئەسپی سەرکێشی زەمانە
گەرگەسانی میهرو سۆز و

تاماری ڕەنگی ئاوێنەی ژیان
بۆ ماسکە ڕەنگاڵەکان و
دۆزەخی ناخە قیرتاو کراوەکان
لە قاڵبی هیتلری سروشت دا
کراسی سپی بووکێنی دەپۆشێ و
جەژنی ویساڵی کڵۆ بەفرەکان و
دڵی ئینسانیەت دەگێڕێ .

٢٠١٨/٤/٨

مەگیرانی: بێزوو

# ڕۆمانە نەنوسراوەکان ٥٥٥

مرۆڤ بوون ئازارم ئەدا
کورد بوون دەمگرێنێ
بۆ،
پارچە پارچە بوونی
خاکی داگیرکراومان
هەر پارچەیەکمان هەزاران
ڕۆمانی نەنووسراوە
خۆ فرۆشەکان لەگەڵ
تورک و فارس و عەرەب ،
مامەڵەمان پێوە دەکەن
هەر ساڵ و مانگ و هەفتەێک
هەورە ڕەشەکان ،
تەرزەی بارووتی مەرگ

بەسەرماندا دەبارێنن
درەختەکان خۆیان دەڕنن
گەڵاکان هەڵدەوەرێن
باڵندەکان بە هەنسکەوە
شەیپوری مەرگی ئازادی لێدەدەن
زەوی دەناڵێت و بومەلەرزە دێنێ
بەفر و سەرما بێ بەزەییانە
گیان دەکێشن
خێوەتەکان لەگەڵ
گەرمای ژیان ناکۆکن
فیشەکی بکوژان
سنگی کوردبوونمان هەڵ دەدڕن
گوڵەکان نەرم نەرم
بە بێدەنگی
لە سەر گۆڕی شەهیدان
فرمێسکی خوێنین دەڕێژن

دڵەکان دەبنە بەرد و
شارەکان جەنگەڵستان
گەرگەسانی تریفەی مانگ و
تیشکی هەتاو
لورەی گورگەکان لە دەوری قازی
ڕۆژهەڵاتی خوێن و ڕۆڵەی بێ نازی
ناڵەی قەڵای کەرکووک و
شکۆی پێشمەرگە
فرۆشتنی کیژانی شەنگال و کۆبانی
چاوە مۆڵەقەکانی هەڵەبجە و
سکاڵای دەست و پێ وون بووەکانی
مناڵانی عفرین
قەتماغەی برینی سارێژ نەکراوی
ئەنفال و بیابان
چاوە نەتروکاوەکانی چاوەڕوان

بۆ هاتنی دیل کراوانی بێ تاوان
هێڵنج دەدات
هێڵنج دەدات دایکی دووگیانی نیشتمان
بە بینینی ئێوەی وێنەی ئاژەڵ نەبووی
لە ڕەگەزی مرۆڤ نەچوو.

٢٠١٧/١/٢٥

# دابڕان ٠٠٠

باش دەزانم کە نازانی لە حاڵی زار و پەرۆشم
لەکام سوچی غەریبییدا وەیلانم یاکە سەرخۆشم

دەمێ ساڵە دابڕاوین لە دیداری سیمای یەکتر
بە قورسایی کێوی بێستون کرێم بۆ خۆم غەمێکی تر

وام دەزانی کە دوور بم لێت شادی دەبێت بە میوانم
نەمدەزانی خەم و ناسۆر تێکەڵ دەبێت بەژیانم

لە چاوی تۆ ئەمن چیم دی متوربە بوو لەگەڵ شیعرم
تۆ جادووی چیت بەکارهێنا کە بەردەوام ئەتۆی هزرم

بڵێی گیانە شەوان وەک من یادێ بکەی لە حاڵی من
لەخەوی خۆش ڕابچڵەکێی ناوم بێنی خەزاڵی من .
٢٠١٨/٤/١٣
ناسۆر: برینێ کە چاک بوونەوەی زەحمەتە

## کوردستانم ...

گەر بمگرن جا بمکوژن
وەک پێشەوام لە دارم دەن
هەتا ئاخر دڵۆپی خوێن
هەتا گەیشتن بەمافی خۆم
وەرگرتنی سەربەخۆیی
من پێشمەرگە و پێشەنگی تۆم .

## عەشقێک لە تارمایدا ...

کە شەو دادێ گەرمای ماڵەکان و چرۆی لێوەکان
باوەش بۆ خۆشەویستی و هەستەکان دەکەنەوە و
ئاوێتەی ڕۆحی یەکتر دەبن
لە ماڵێکی چاوەڕواندا ، توانەوەی مۆمێک و
سێبەری پەپوولەیەکی سەرگەردان
ناڵەی چرپایەی تەنیایی
لەگەڵ ڕۆحی پەنگ خواردووی
عاشقێکی دڵ شکاو
هاودەمی، سەرینێکی تەڕ تەڕ لە بارانی فرمێسک و
بەتانییەکی بێزار، لە جەستەی ماندووی
خەرامانێکی بێناز

له چوار دیواری زیندانێکی ئاسنین دا
نمایشی باشترین ئەکتەری تەنیایی دەکات
نغرۆی خەیاڵێکی قوڵ و سترانی ڕەشەبا
باوەشی زەویی و ڕامووسانی گەڵا زەردەکانی پایزی
لەرز و موچوڕکی دارە ڕووتاوەکانی باخچەی ژین
میوانی ساتە لەدەست چووەکانی دۆناودۆن
نیگاکانی چاوەڕوانی له تاریکی ئاهێک دا
له پشت پەنجەرەی ژینێکی بێ عەشق
زەنگی مەرگی ئەوین و خۆشبەختی لێ ئەدا .

٢٠١٧/١١/١٩

## یاری ماڵە باجێنە...

لە ساتەکانی تەنیایی
یاری ماڵە باجێنەدا
من و خەیاڵ و تۆ...
پێکێ شەرابی سوور
لە ڕەنگی سووراوەکەی من
پێنوسێکی ڕەش
لە ڕەنگی چاوەکانی تۆ
چەن لاپەڕەی سپی
لە ڕەنگی تاڵە سپیەکانی قژی
هەردووکمان
یەغانێکی بچوکی ژەنگ گرتووی
پڕ لە یادگاری ،
لە ڕەنگی قفڵەکەی دڵی من

ئاو خۆرییێکی کاشی شین،
پڕ لە دۆ
لە ڕەنگی ماشینەکانی ئەوکاتەی تۆ
چەن نامەی ژاکاوی لۆچی ڕەنگ زەرد
لە ڕەنگی ڕووخساری من
چەن شووشە عەتری خاڵی و نیوە
دیاریەکانی لە بیرنەکراوی عەشقی تۆ
چەن شاخە گوڵی وشک هەڵاتووی
ناو دەفتەرە یادەوەریەکەی من
دڵخۆشم دەکاو
بە نووسینی چەن دێڕ شیعری عاشقانە
کۆتایی بە یاریەکە دێنم و
دەچمەوە دۆخی تەنیایی و بێ تۆیی تۆ.

٢٠١٩/٧/٢٩

یەغان : باول
ئاوخۆری: پەرداخ (لیوان)

کەنی کەنینت، کەنینی داوە
نێچیروان نێچیر، نێچیری ڕاوە
بەچمکی چاوت، لەچاو دەڕوانی
لە پشت هەناسەی ئەو، زوڵفەخاوە.

٢٠١٩/٩/٢١

لە بازاڕی پڕ ئازاری ژیاندا
دڵی عەوداڵ لە هیجران و خەیاڵدا
نەریتی عاشقان وەیلان وە پەی یار
لە زایەڵەی شەوانی بای شەماڵدا .

٢٠١/٩/١٧

***

لە پشت پەنجەرەی خەیاڵی دوویار
خۆی هاویشتە ناو کوپێ قاوەی تاڵ .

***

سەمفۆنیای ڕۆحە، نازی شەکرەژن
ڕازی بێ خەوی پیاوانی شەرمن .

# بێوەفا یار ...

بێوەفا یار چون دڵت هات
ئەو چاوە پڕ ئەشق و هەڤینەی من
چاوەڕوانی هاتنی نادیاری خۆت بکەیت و
بۆنی عەتری باخی بەژنم بە تەنیایی بسپێری
چۆن دڵت هات
دڵە پڕ ڕازو و ئاواتەکەم
دیلی دڵە بێوەفاکەی خۆت بکەیت و
حوکمی زیندانی ئەبەدی پێ بدەی
چۆن دڵت هات
لەگەڵ ڕەشەبا یاری بە پرچی خاوم بکەیت و
بە پەنجەکانت تاڵە تاڵە،
تەنافی سێدارە لە ملم بئاڵێنی
چۆن دڵت هات
ئەسرینی چاوەکانم ،
بکەیتە باران و

گوێ لە چرپە و ناڵە ناڵی نەگریت و
جوانی و ژینم بژاکێنی
خۆ تۆ دەتگوت، تۆ دەرختە ئەکاکیاکەی باخەکەمی
تۆ ساباتی ژینی منیی ، تاجی سەرمی
خۆ تۆ دەتگوت رووحی سینە و هەناسەمی
بیناییمی و ناز هەڵگری چاوەکانمی
خۆ تۆ دەتگوت تۆ بلبلی خۆش ئاوازی ماڵەکەمی
گەرمای جەستە و خونچەی پشکۆی لیوەکانمی
خۆ تۆ دەتگوت
ئێمە جووتە کەناریە ئاشقەکەین و
بێ یەک ناژین
ئاخ !!!!!! ئاخ !!!!!!!!!
چەن بێ تاوان بوومە نچێری داوی تۆ و
ڕۆژی ڕوونم لە دووریت بوە شەوە زەنگ و
شەویشم گۆڕستانی یادەکانت.

٢٠١٧ /١١/١٩

ئەکاکیا : درەختێکە هێشوە گوڵی سپی و پەمەیی (سورەتی ) دەگرێ .

## دایە گیان ...

لەسەر کام لاپەڕەی دڵم بنووسم
کۆچت کۆچی ئەبەدیە و تا هەتایی
دابڕان لە تۆ و ناوە بەرزەکەت
زامێکی قووڵی بۆ هەمیشە،
لە دوو توێی دڵمدا چەقاندووە
مەرگت تیرێکی لە ناکاو و کاری بوو
بۆ دڵە تەنیا و غەریبەکەم
دایە گیان
تاکە دڵخۆشی و سەفەرم
بەرەو ڕۆژهەڵات
دیداری چاوی پڕ میهر و
دڵی سوتاو و

عەتری هەناسە و
گەرمی دەستە ماندوەکانی تۆ بوو
کە ڕای دەکێشام
چیتر بۆم نەما بارگەی سەفر بپێچمەوە و
ڕوو لە نیشتمانی دایک بکەم و
لە پڕ خۆم لە باوەشی گەرمی بهاوێم
دایە گیان
چەن بە عەشقەوە
دووکان بە دووکانی بازاڕی سلێمانی دەگەڕام
تاکو جوانترین قوماش بکەمە دیاری
بۆ باڵای بەرز و قامەتی شل و ملت
قەت بیرم ناچێ لە کۆتا دیدار
داوای ملوانکەی مێخەکت لێ کردم
بەڵێن بێ ئەو ملوانکە مێخەکە،

بە یادی تۆو بۆن و بەرامی عەنبەرینت
هەڵگرم و
لەگەڵ خۆمدا لە گۆڕی بنێم
دایە گیان
هەموو شەوێ، پێش نوستنم
بۆ ئارامی دڵە غەمبار و تەنیاکەم
بۆن بە لەچک و تەزبیحی زکرتەوە دەکەم و
لەگەڵ وێنە شیرینەکەتدا دەدوێم و
نەرم نەرم فرمێسک دەڕێژم
دایە گیان
بەکۆچت ڕۆژی ڕوونم بوەتە شەوە زەنگ و
هەنگاوەکانم لاوازی لاواز
ڕۆحم سەرگەردانی بیابانی بەرەهوتە و
جەستەم غەرقی گۆمێکی سەراب
ئیتر
نەگوێچکەکانم دەنگە پڕ سۆزەکەت دەبیستن و

نە چاوگەلیشم
ڕووخساری ماهی تابانت دەبینن
نەترپەی دڵم سووکنایی بە ترپەی دڵت دێتوو
نەدەستی پڕ میهرت دەستی ماندووم دەگوشێ
نە لێوت ماچی کوڵمی شەرمنم دەکات و
نەکەس پریاسکەی سەفەرم بۆ دەپێچێتەوە
دایە گیان
دوا سەفەرت بووە گەرگەسانی ڕووناکی ماڵ و
بێ نازی هاوژین و ڕۆڵەکانت.

٢٠١٨/٤/١٢

# پۆرترێتی دوو ڕوویی ٥٥٥

نغرۆم لە ناو پەیڤ و چپەی هەنگاوەکان
نەرم نەرم لە ژێر تریفەی مانگە شەو
لە ناو لاشەی بەستەڵەکم
تەژی لە ئاخافتن و
ئاوێتەی گۆمێکی سەراب
بۆ پۆرترێتی ئەودیوی مرۆڤ
هەناسەی سارو ماری برسیەتی نەفس و
مێشکی نەڕەسکاو و کۆنەپەرستی
زمانی کوڵۆم دراوی زانست و
پێشێلی یاسا و بەزاندنی سنوور
بێ ئەدەبی ئاوێتەی ڕۆحی ئەدەبیات و
عەبای ڕەشی جوانیەکانی سرووشت
لافاوی فرمێسکی سوور
لە ئغرا بردنی سەمای پرچی ژیان
لە زەمبیلەی ڕۆحی دونیایەکی ئەفسانەیی و
ئایندەیەکی دوور لە عەقڵانیەت
بۆ ویساڵی حۆریەکانی باکرەی باخی بەهەشت و

باوەشی پڕچێژی پاکیزەی ڕۆحی زیندووی عاشقان
گوناهی کەبیرەیە و
تاوانی سووتان لە تەنووری جەهەنەمدا
هێشوە ترێکان
گلار گلار، تاوان بەسەر مرۆڤایەتیدا دەبارێنن
کانیاوی شەراب پێک پێک میوانداری ڕۆحی بی لاشە
یان لاشەی بێ ڕۆح دەکات
دین و شەهوەت،
سەرخۆشی حەشرێکی سێکسی ڕووت
مەستانە لەژێر ساباتی خالقدا
کۆیلە بوونی ڕەگەزی مێ و زووحاکی نێر دەسەلمێنێ.
من وەک کۆترێکی تەریک دوور لە درۆ و
چڕە دووکەڵی خەیانەت دوای خەیانەت و
دوو ڕوویی
لەگەڵ ڕۆحێکی سپی
مێشکێکی جەنجاڵ
نەفسێکی ئەفسار کراو
دڵێکی بێگەرد و
جەستەیەکی پڕ هەست

### نەسرین تەنیا

هەڵزنیوم بە تاقە داری پیری شیعردا
گەڵا ڕەنگاڵەکان گەمارۆی
نازی ژنێتیمیان داوە و
لق و پۆپی یاری بە پرچم دەکەن
شەبەق چاوشارکێ لەگەڵ کوڵمم دەکا و
کازیوە ماچی لێوی بێنازم
زریان سەما بە جلەکانم و
عەتری شکۆفەیش ، ئاوپرژێنی هەستی حەشاردراوم
ئۆکسجین دەم لە ناو دەم بۆ لە دایک بوونی،
شیعرێکی نوێ و ستایشی جوانیەکان
زیندووم دەکاتەوە .

٢٠١٨/٦/٢٣

پۆرترێت : ڕووخسار – سیما
نغرۆ : نقوم بوون
پەیڤ : وتە – گفتار
بەستەڵەک : سەهۆڵبەندان
ئاخافتن : قسەکردن
نەڕسکاو : کاڵ – نەگەییو
سار و مار : زۆر بۆگەن
ئغرا : لە خشتە بردن

## سەراب ٥٥٥

دەروونی زارم تێکڕا هاتە جۆش
جامێ شەرابی لەگەڵ دەکەم نۆش

تاقەتم تاق بوو لە دەس ڕۆژگار
خەمو و مەینەت و تەنیایی و ئازار

تەرکی ناو باخ و گوڵستان دەکەم
جەستەم تێکەڵی بەدمەستان دەکەم

چەشنی پەروانەی پەڕوباڵ سووتاو
ئاشق شەم دەبم ،نەک تیشکی هەتاو

دەبمە هاودەمی خومرەیێک شەراب
هێڤی ژیانم سەرابە و سەراب .

٢٠١٧/٠٩/١٦

هێڤ : هیوا

# تاقانە یار٥٥٥

خۆزگە دەبوومە کۆکۆختێک و
بێ ماندوو بوون دەمدا لە شەقەی باڵ
دەفڕیم بەرەو شارو شەقام و کۆڵانەکان
هەتا نزیک دەبوومەوە لە ترپەی دڵت
هێلانەیەکم لە سەر لێواری پەنجەرەی ژوورەکەت
ساز دەکرد و
لەگەڵ مانگ دەبوومە پاسەوانی جەستەی نازدارت
چاوەگەلم غەرقی ڕووخسارت دەبوون و
هەموو بەیانییەک لە گمەو شەقەی باڵم بە خەبەر
دەهاتی
بەدەستەکانت ئاو و دانت بۆ دادەنام و
بە حزوورت مەستانە
ئاوازی عەشقێکی جاویدانیم دەچڕی.

٢٠١٨/١/١١

## وەرزەکان...

بەهار لە دایک بوونی شیعرێکی کۆرپەیە
کە لە هاویندا دارە دارە دەکاو پا دەگرێ
پایز نەمامێکی مامناوەندە
دەست پەروەردەی ڕەنگەکان
زستان پیرێکی سپی پۆشی بە ئەزمونە
لە دەفتەری وەرزەکان .

٢٠١٨/٦/٢٦

## شەوی عاشقان ٥٥٥

ئەمشەو جەژنی ئاشقانەو
دەرگای دڵم واڵایە بۆت
لە دووری عەتری هەناسەت
ڕۆحم وێڵ و شەیدایە بۆت

وەرە چەشنی کۆنە شەراب
بڕژێرە جامی هەستمەوە
بە مەزەی ماچی لێوی ئاڵ
ڕووحت بخەرە دەستمەوە.

٢٠١٨/٣/١٤

## ولاتی بایە قوش ٠٠٠

وەهم خانەی دڵ
پێکێ خەوی مەرگ
هاوسەرفەری پاییزێکی پڕ تاعون
لە ئامێزی خەزاندا
بەرەو گۆمێکی سەراب و
هەگبەیەک پڕ لە هەناسەی شەختە
توحفەی ڕێبواری ڕێگای، ولاتی بایە قوشەو
شاری ئەرواحی بێ ناسنامە
خاک سیاپۆش
درەختی تەمەن پیری پیر
لق و پۆپ و گەڵا سپی سپی
هانە و ڕووبار سوور سوور
کۆچی باڵندە پۆل پۆل

ڕەنگی هەژاران زەردەبەی
گیرفان بەتاڵ و شەرمەزار
خێوەتی دڵ
تەنگ و ساردو بێ هەست
ئاسمان تاریک
ئەستیرە خامۆش
مانگ ژاکاو و
ڕەشەبا پەرۆش
خۆر زیندان و
حاکمان سەرخۆش
مێژوویکی کەڕ
سەرکردەی بێ بەر
دیاری و خەڵاتیان
هەر شەڕ و هەر شەڕ .

٢٠١٨/٤/١٣

هانە : کانی

## پێشوازی ooo

ئەز لە باخی گوڵزاری دڵ
چاوەڕوانی میوانی گوڵ

گۆزەی شەراب بە دەستەوە
پەتیاری ڕۆحی مەستەوە

مەزەی ماچ و پێکێ خەندە
شیرین شەهد و لێو چو قەندە

هێدی هێدی نوتی هەنگاو
سەما دەکا پرچی هەتاو



یـــاری دار بـی لـەگـەڵ بسکم
مـەڵـهـەمـێـکـە بــۆ هـەنسکم

شـنـــەی گـــەڵاو نـــازی نـازنـاز
ئـــــاوازی مـــەل بـلـبـل و بـاز

چـپـەی هـانـە و ڕاز و نـیـاز
قـاقـای گــوڵ و بـــاران و ساز

خـەنـدەی هـەنـار ماچی گێلاس
شـادو سەرمەست لە بۆنی یاس

بــۆ جـێـژوانـی کـۆمـەڵـی یـار
سفرەی عەشقی ڕوو لە دڵـدار

بـارانـی مـــاچ پـرشـەی ڕوبـــار
دەڕژێـتـە سەر سینگ و ڕوخسار

پەپوولەی ڕۆح بۆ پێشوازی
لە دەووری مۆم دەکات بازی

نوێ دەبێتۆ عەشقی دێرین
لە ئامێز و هەستی (نەسرین) .

٢٠١٨/٥/٢٨

## گورگی تەمەن ...

من تەنیاییم هەڵبژاردووە
لە ئۆقیانووسی ڕەوشتدا
بۆ ئەتەوێ تەنیاییم بڤاکێنی
چاوم چاوت دەخوێنێتەوە
دڵم لە ترپەی دڵت تێ دەگا

خەریکم دەڕشێمەوە
بە بینینی لیکی هەوەس،
بەسەر لێوەکانتەوە
باسی خۆشەویستیم بۆ مەکە
هانەی شەهوەتت
لە حەسرەتدا قوڵپ دەدات

ئەتەوێ حەزەکانت لە تەنیایی مندا،
بە تاڵ بکەیتەوە
هەستی ئامێزی خاتوونێکی تەڕلان
هەموو جەستەی تەنیویی
باسی جیاوازیت بۆ گورگی تەمەن مەکە
تۆ جیاواز نیت

دەفتەرە دولارەکان
بۆ ژیانە کەم ئەندامەکەی خۆت سەرف کە
بەخشتی درۆ باڵەخانەی چەن قاتم
بۆ ساز مەکە
من برسی گیرفان و تینوی باوەشی
هەوەسبازی تۆ نیم
تەنیاییم پێویستی بە جەنجاڵی
حەرەمسەراو حۆریەکانی
مێشکی تۆ نیە

زەنگی تەلەفۆنەکەت بێدەنگ مەکە
ژنێک چاوەڕێتە
ئێوارە خوانی بۆ ساز کردووی
هەوساری ئارەزووت بە قاچی چرپایەی
دووکەسیی
ژووری خەوەکەت ببەستەوە .

٢٠١٨/٧/٢٦

# جەفا ...

ئەی گوڵی بێ مروەتی سەوداسەرم
ئەی کەژاوەی ڕۆحی تەنیا و دلبەرم

ئەی ئەوینی چاو سیا ڕوو ئەسمەرم
ئەی درەختی حەسرەتی ژین بێ بەرم

ئەی شەماڵی دڵ ڕفێنی دەر بە دەر
ئەی حەکیمی نا حەکیمی بێ سەمەر

ئەی لە کورەی ناخی داخم بێ خەبەر
وردە ماچی باخی لێوم چون شەکەر

سات بە ساتی ژینی تارم دەرد و خەم
ناڵە ناڵ و ئەشک و ئاهم زکری شەم .

٢٠١٨/٥/٩

## گۆڕستانی دڵ ...

له گۆڕستانی دڵمدا
هەر چرکەیەک
بیرەوەرییەک
زیندوو دەبێتەوە
شەو تا بەیان
کۆشکێک له چێژ و ئازار
تاڵی و شیرینی
خەندە و گریان
مەرگ و ژیان
ماچ و زیز بوون
عەشق و جووت بوون
باوەشی یار

دووری دڵدار
فرمێسکی شەو
سکاڵای خەو
قریشکەی هەور
درخت و تەور
چپەی باران
بێ وەفایی هەرزەکاران
خەیاڵێکی قوڵی بێ بن
بە چەکەرەی گزنگی خۆر
تا دوا سەمای ئەستێرە و مانگ
بە ڕووخانی کۆشکی خەیاڵ
نوێ بوونەوەی گۆڕێکی تر
لە باتی ماڵ ...

٢٠١٨/٦/١٠

## دایە گیان

هەموو ڕۆژێک بۆن بە لایەلایەکانتەوە دەکەین و
وەک پۆلێ چۆلەکەی غەریب
لە سەر چیمەنی گۆڕەکەت ون دەبین
دەنوک لە تەزبیحی زکرت ئەدەین و
لە سای ساباتی ئەگریجە و بۆنی هەناسەت
نەزرگەی تەوێڵت ماچ دەکەین و
گوێ بۆ پەیڤەکانی نێوان تۆ و خودا هەڵدەخەین
دایە گیان .

## میوانی مەعشوق ...

خۆزگە سەد خۆزگە پێش کۆچی ژینم
پێش لەخاک نانی دڵی برینم
تەنیا بۆ شەوێک دەبوویتە میوان
دەس لە ناو دەست و سەرم لە سەر ڕان
بە ماچی لێو و بە نیگای چاوان
لە یەک دەئاڵاین تا بەری بەیان
لەگەڵ شکۆفەی گزنگی هەتاو
وسڵی لاشەم کەی بە فرمێسکی چاو .

٢٠١٧/٩/٢

# ڕۆژووی ماچ و خۆشەویستی ٠٠٠

تاقانە یار
ئاگات لێیە
ئاگات لێیە
لە کۆتاین جێژوانی لێوەکانمان
منی دڵشکاو
ڕۆژووی ماچ و خۆشەویستیم گرتووە ؟
ئاگات لێیە
هەموو ئێوارەیەک
بە بیستنی دەنگی بانگ ڕادەچڵەکەم و
بە تیلەی چاو لە دەووروبەر دەڕوانم
ئەڵێم بەڵکوو بە سازی دەنگی بلبل ئاسات و
چرپە و نۆتی هەنگاوەکانت
بۆنی هەناسە و ڕووخساری مانگت

بە پێکێ ماچ و شیلەی لێوەکانت
ڕۆژووی چەن ساڵەم بشکێنم و
لە باوەشتدا ئێوارە زکرێک و
موناجاتێکی عاشقانە
دوور لە ڕیا و درۆ
بە ناوی ئەشقێکی پیرۆز
بۆ مێژوو تۆمار بکەین .

٢٠١٨/٥/١٣

ئەمشەو نامەم دا بە شەماڵ
بە دەستی تۆی بگەیەنێ
بەڵکو وەڵامی نامەکەت
بۆنی هەناسەی تۆ بێنێ
بەیادی عەشقی پڕ سۆزمان
تاسەی غەریبیم بشکێنێ .

٢٠١٨/٢/٧

## ئازاری ژیان ...

ژیان پیری کردم بە قەد ڕۆژانی دڵتەنگیم
بەقەد چاوەڕوانی شەوانی، بێ خەوی و
پڕ لە حەسرەتم
بە قەد ڕشتنی گلار گلار فرمێسکەکانم
بە قەد ئازار و ماندووبوونی دەست و پێکانم
بە قەد پارچە پارچە بوونی دڵی شکاوم
بەقەد لە گۆڕنانی حەزوو ئاواتەکانم
ژیان پیری کردم ، نەکوو تەمەن
بەڵکوو، لە ئازاری برینەکانم .

٢٠١٧/٩/٧ سلێمانی

## لەدایک بوونی نیشتمان...

ژانەکانی دایکی نیشتمان
یەک لەدوای یەک بە ئازارتر و قورستر دەبوون
بۆ لە دایک بوونی نیشتیمان
بە هاتنی هەر ژانێ بەشێ لە جەستەی
فیدای ژیانی کۆرپەلەکەی دەکرد
ئارەقی ساردی دەڕژاند
نیشتمان و دایکی قەڵغانی خوێن و
ئازاری بێکەسی بوون
ئاسمان سوور و هەورەکان
فرمێسکی خوێنینیان دەباران
شاخ و بەحر و دارستان نزایان دەکرد

نیشتمان لە دایک بوو
چاوەکانی هەڵبڕی و
جەستەی لە خوێنا گەوزاوی
دایکی بینی و زمانی گرت
پڕ بە گەرووی هاواری کرد
من هەتیوم،
باوکم شەهیدی دەستی داگیرکەران و
دایکم شەهیدی ڕەها بوونی من لەتەنگانەدا...
پێڵۆی چاوەکانی قورس بوون و
چوونە خەوێکی قووڵ ،
لە سەر تاشە بەردێکی ساردی بێ هەست
دارستان بەلق و پۆپ و گەڵا
کەژاوەیان بۆ هەڵبەست
تیشکی خۆر وزەی بە ڕۆح و جەستەی داو
مانگ ڕووناکی شەو
باران تینوێتی شکاند
زریان باوەشێنی کرد
هەورەکان بە نازەوە دایان پۆشی
ئەستیرەکان سترانی لایەلایەیان بۆچڕی

نیشتمان بە دەم خەوەوە دەگریاو
هەنسکی ئەدا
فرمێسکەکانی خاکیان ئاویاری کرد
دەشتێک لە گوڵاڵە سوورە ڕووا
نیشتمان لەشنەشنی دارستان
عەتری گوڵەباخ و پرشەی ڕووبار
ماچی شەونم،
لە خەوی تار ڕاچڵەکا
چوار پەلی ڕاکێشاو
بە خوێنی ڕژاوی دایکی لە سەر دڵی نووسی
من نیشتمانم
ڕۆڵەی سەنگەر و خۆم سەنگەر و پارێزەری
کوردستانم.

٢٠١٩/٧/٩

# پێرست


لێدوانێک لە بری پێشەکی : ..................................٧
باڵای من.. ..............................................................١٢
کۆمەڵە هایکۆ .........................................................١٣
باخچەی عەشق ... .................................................٢٩
پەیامی مەعشوق.... ................................................٣١
گۆشە نیگا.. .............................................................٣٢
سەفەری خەو ... .....................................................٣٥
خۆزگە... ...........................................................٣٧
فڕین ............................................................. ٤٠
ئەگەرهاتی ... .........................................................٤٢
وڵاتی خەم .............................................................٤٤
خەوێکی ڕووت ... ....................................................٤٦
ڕاوچی..... ...............................................................٤٨
ژنێک پڕ لە جوانی ... ................................................٤٩
ژەهری عەشق ... ......................................................٥١
لوتفی یار ... ..........................................................٥٣
مورغی دڵ ... .........................................................٥٥

نازی لێو...... ............................................................٥٧
فێرت کردم ............................................................٥٨
خەیاڵ و یاری بێ هەست ..................................  ٦٠
سترانی عەشق ... ..................................................٦٢
سکاڵا... .....................................................................٦٣
مەحاڵ ... .............................................................٦٥
ژنێک ... ...................................................................٦٧
گەردەلول ... ..........................................................٦٤
حەزم لە ڕەنگی ڕەشە،ڕقم لە ڕەنگی شەوە !؟ .....٧٠
تاسە ... ....................................................................٧٧
زیندانی ڕۆح ... ......................................................٧٨
مرۆڤ هیتلرێک بۆ سروشت ... ..........................٨١
ڕۆمانە نەنوسراوەکان ... ..................................٨٤
دابڕان ... ...............................................................٨٨
کوردستانم ... ........................................................٨٩
عەشقێک لە تارمایدا ... ....................................٩٠
یاری ماڵە باجێنە... ...............................................٩٢
بێوەفا یار ... ...........................................................٩٦
دایە گیان ... ...........................................................٩٨

پۆرترێتی دوو ڕوویی ... ..................................١٠٢
سەراب ... ..........................................................١٠٥
تاقانە یار... ........................................................١٠٦
وەرزەکان... ........................................................١٠٧
شەوی عاشقان ... ..............................................١٠٨
وڵاتی بایە قوش ... ...........................................١٠٩
پێشوازی ... .......................................................١١١
گورگی تەمەن ... ..............................................١١٤
جەفا ... .............................................................١١٧
گۆڕستانی دڵ ... ..............................................١١٨
دایە گیان ..........................................................١٢٠
میوانی مەعشوق ... ...........................................١٢١
ڕۆژوی ماچ و خۆشەویستی ... ........................١٢٢
ئازاری ژیان ... ..................................................١٢٥
لەدایک بوونی نیشتمان... ..................................١٢٦

